

# کیدمان رووبەرووی بێکهام دەبێتەوە

وڵاتی ئوسترالیا ئەکتەری بەناوبانگ نیکۆڵ کیدمانی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی رەسمی نوێنەرایەتی بکات لە کێبڕکێکانی میوانداری کردنی جامی جیهانی ٢٠١٨، ئەمەش بۆ سوود وەرگرتن لە ناوبانگ و جەماوەرێتی نیکۆڵ کیدمان، چونکە هەر یەکە لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەندەنوسیان و قەتەر و مەکسیك و رووسیا و کۆریای باشوور و ئەمریکا لە کێبڕکێدان بۆ میوانداری کردنی ئەم پاڵەوانێتییە. کیدمانی تەمەن ٤٢ ساڵ بە ڤیدیۆیەك بەشداری دەکات وەك ریکلامێك لەگەڵ پێشکەش کردنی فایلی رەسمی ئوسترالیا بە فیفا.

لە لایەکی دیکەوە بڕیار وایە دیڤید بێکهامی یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسیی ئەمریکی نوێنەرایەتی و وڵاتەکەی بکات بۆ هەمان مەبەست، چونکە ئەویش خاوەن جەماوەرێتییەکی زۆرە لە سەرتاسەری جیهان، بۆیە لە ئێستاوە چاوەڕێی رکابەرێتییەکی زۆر بە هێز دەکرێت لەنێوان بێکهام و نیکۆڵ، چونکە هەردووکیان جەماوەرێکی زۆریان هەیە و لەوانەیە کارتێکردنی خۆیان هەیە لەسەر ئەو لیژنەیەی فیفا کە بڕیاری ئەوە دەدات چ وڵاتێک شایەنی میوانداری کردنی مۆندیالە.

# ئایا ریهانا دەبێتە رکابەرێکی بەهێزی بیۆنسی



ماوەیەکە قسە و باسی زۆر دەربارەی کچە گۆرانیبێژی کاریبی ریهانا دەکرێت بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی چەند گۆرانییەك کە سەرکەوتنێکی زۆری بەدەستهێناوە بۆیەش چەندین ئاهەنگی لە سەرتاسەری جیهان ساز کرد ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەك لە کۆمپانیا جیهانییەکان بیر لەوە بکەنەوە بیکەین بە مارکەی کەلوپەلەکانیان لەوانەش کۆمپانیای (کۆفر گێرل) کە تایبەتە بە کەرەستەکانی جوانکاری بەمەش چووە ریزی ژمارەیەکی دیکە لە هونەرمەندە جیهانییەکانی وەك کوین لەتیفا و مۆلی سیمز و چەندانی دیکە. جگە لەمە ریهانا تا ئێستا چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە کە پێشتر هونەرمەندی دیکە پاڵێوراو بوون بۆ بەدەستهێنانی لەوانەش خەڵاتی باشترین هونەرمەند بۆ ساڵی ٢٠٠٦ لە فیستیڤاڵی لۆس ئەنجلوس لەو کاتەی کە بیۆنسی پاڵێوراو بوو بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش ئەو کاتە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو بۆ ریهانا، بەتایبەتی کە یەکێکی وەك بیۆنسی رکابەری بوو، بۆیە ئێستا هەرچەندە کە بیۆنسی لە لوتکەی سەرکەوتنی کاری هونەریدایە کەچی زۆر لە چاودێرە هونەرییەکان پێیان وایە دوور نییە لە ئێستاوە ببێتە رکابەرێکی بەهێزی بیۆنسی و هونەرمەندانی دیکە تەنانەت لەم رووەوە پێشیان بکەوێتەوە.

# دونیا تەقلیدی دیانا دەکاتەوە



کچە گۆرانیبێژی ئوردنی دیانا کەرەزۆن رایگەیاند کەوا چاوەڕێی بینینی بەرنامە نوێیەکەی دونیا سەمیر غانم دەکات کە بە نیازە لەسەر یەکێك لە کەناڵە ئاسمانییە کوێتییەکان نمایش بکرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە بیرۆکەی بەرنامەکەیان وەك یەك نییە و بەیەك ناچێت.



شایەنی گوتنە لە مانگی رەمەزانی رابردوو دیانا بەرنامەی (دۆیتۆ)ی پێشکەش دەکرد، بەر لە ماوەیەکیش دونیا سەمیر غانم رایگەیاندبوو کەوا بە نیازە بەرنامەیەکی هاوشێوەی (دۆیتۆ) پێشکەش بکات و تێیدا لە هەر ئەڵقەیەکدا هونەرمەندێکی عەرەبی میوان دەکات و باس لە ئێستای هونەری عەرەبی و چەندین بابەتی تایبەت بە هونەرمەندەکە دەکات، بەڵام تا ئێستا دونیا شێواز و ستایلی بەرنامە نوێیەکەی خۆی دیاری نەکردووە.

## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# "بۆق و شاژن" سەرکەوتووترین فیلمی ئەم هەفتەیەیە

زۆرجار بەرهەم هێنەرەکانی فیلم لە ئەمەریکا و جیهان پەنا دەبەنە بەر رۆمان، ئەمەش بەهۆی ئەو چێژە ئەدەبی و هونەرییەیە کەلەرۆماندا بەدی دەکرێت، و زۆرجار پاڵەوانانی رۆمانەکە کەسایەتی پڕ توانا و داستاناوین کە دوورە لە راستییەوە، بەم جۆرە فیلمانەش دەوترێت رۆمانە فیلم. لەسەرەتای دروستبونی "هۆلیۆد"ەوە ئەم جۆرە فیلمە ناوبانگی هەیە.

فیلمی شاژن و بۆق "The Princess and the Frog" فیلمێکی ئەنیمێشنە، لە رۆمانێکی "ئەی. دی. بیکەر" وەرگیراوە بەناوی "شاژنە بۆقیلەکە"، ئەم رۆمانەش خۆی لەیەکێك لە چیرۆکەکانی "جاکوب گریم، و ولهام گریم" وەرگیراوە. و چیرۆکەکانی ئەم دوو برایەش بریتییە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك چیرۆکی میللی ئەڵمانی لە ساڵەکانی ١٨٠٧ز بۆ ١٨١٤ز کۆکراونەتەوە، و چیرکی بەناوباگی ساندریلا یەکێکە لەو چیرۆکە نەمرانە.

فیلمەکە باس لەمیرێك دەکات بەناوی "ناڤین" زۆر شەیدای موزیکە، رۆژێکیان جادوگەرێك بەجادوویەك دەیکات بە بۆق، میر ناڤین زۆر هەوڵ دەدات ببێتەوە بە مرۆڤ تاوەکو رۆژێکیان کچێك دەبینێت بەناوی "تیانا" — کەپاڵەوانی فیلمەکەیە- رازی دەکات ماچێکی بکات، چونکە بەهۆی ئەوەوە دەبێتە شاژن، بەڵام لەئەنجامی ماچەکە ئەویش دەبێتە بۆق و هەوڵەکانیان بۆ گەڕانەوەی شێوەی ئاساییان چیرۆکی فیلمەکە تەواو دەکات.

فیلمەکە فیلمی ژمارە ٤٩ی کۆمپانیانی بەناوبانگ "والت دیزنی"یە، و لە دەرهێنانی "جۆن ماسکەر، و رۆن کلیمنتسە".

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:




1- (The Princess and the Frog) ٢٤،٢٠٨ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٧،٠٨٨ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:١٦.



2- (The Blind Side) ١٥،٠٥٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٤٩،٨١٦ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:١.




3- (Invictus) ٨،٦١١ ملیۆن$، کۆی داهات: ٨،٦١١ ملیۆن$، بە١ هەفتە.




4- (The Twilight Saga: New Moon) ٧،٩٦٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٦٧،٣٢٠ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:٢.



5- (Disney's A Christmas Carol) ٦،٨٣٣ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٢٤،٤٢٦ ملیۆن$، بە٦ هەفتە، پلەی پێشو:٤.




6- (Brothers) ٥،٠١٤ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٧،٤١٦ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٣.




7- (Old Dogs) ٤،٤٠٩ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٩،٩٩٦ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٥.




8- (٢٠١٢) ٤،٣٥١ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٥٥،٢٨٨ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو:٧.




9- (Armored) ٣،٥٠٤ملیۆن$، کۆی داهات: ١١،٧٥٠ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٨




10- (Ninja Assassin) ٢،٧٠٧ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٤،٣٠٤ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٨.

ئا: عەبدوڵڵا چنگیانی

## ئەمانی ئەلسویسی بۆ گوڵان :

# جوانی تەنیا تەواوکەرێکە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەندی ئافرەت

**ئەمانی ئەلسویسی یەکێکە لە قوتابیانی بەرنامەی ستار ئەکادیمی ٢ خەڵکی وڵاتی تونسە، بەڵام لە لوبنان و میسر زیاتر ناسـرا، لە بەرنامەی سـتار ئەکادیمی ٢ گەیشتە قۆناغەکانی پێش کۆتایی لەگەڵ زیزی عادل و هیشام عەبدولرەحمان، بەڵام نەیتوانی پلەی یەکەم بە دەسـت بهێنێت، یەکەم ئەلبوومی بە ناوی (وین) بڵاوکردەوە و تا رادەیەکی زۆر سـەرکەوتوو بوو، لەم ئەلبوومەدا لەگەڵ هونەرمەند ئاوازدانەری گەورە کاری کرد، دواتر لەگەڵ بنەماڵەی رەحبانییەکان بەشداری کرد لە شانۆگەری ( جبران و النبی)، لەرێگای بەرێوەبەری کارەکانییەوە توانیمان ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.**





*** ستار ئەکادیمی بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- دەروازەیەك بۆ دەرکەوتن و ناوبانگ دەرکردن و ناسین لە لایەن جەماوەرە.

*** بەر لە بەرنامەکە هەستت بە توانا هونەرییەکانی خۆت دەکرد؟**

- بەڵێ، بەهرەی هونەری لە ناخی مندا هەبوو بەر لەوەی بچمە ستار ئەکادیمیش هەر هەبوو، چونکە ئەگەر ئەو بەهرەیەم نەبووایە هەر نەدەچووم.

*** چی نوێ خستە سەر ژیانی تایبەتیت لەسەر هەموو ئاستەکان؟**

- وەك گوتم بووە هۆکاری ناسینم لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە.

*** لە هیچ شتێکی ناو بەرنامەکە پەشیمان نیت؟**

- نەخێر، چونکە هیچ کارێکی وام نەکردووە کە کاریگەری بەسەر منەوە هەبێت.

*** ئەگەر تر بەڕێوەبەری ستار ئەکادیمی بوایت چیت دەکرد؟**

- بێگومان نەم دەتوانی زیاتر لەوەی ئێستا بەڕێوەبەر و ستافی بەرنامەکە دەیکەن من بیکەم .

*** ئەگەر ستار ئەکادیمی نەبوایە دەگەیشتی بەو ئاستەی ئێستا؟**

- نازانم، بەڵام سەرەتای ناسینی من لە لایەن جەماوەرە بۆ بەرنامەی ستار ئەکادیمی دەگەڕێتەوە.

*** زۆر شت دەربارەی ستار ئەکادیمی دەگوترێت چی دەڵێی بۆ وەڵامدانەوەی ئەمانە؟**

- خەڵکانێك هەن هەرچۆنێك بێت قسە دەکەن و کەسیش ناتوانێت دەمیان بگرێت.

*** ئایا جاری وا هەبووە هاوڕێکانت ناپاکیان لەگەڵدا کردبێت؟**

- بێگومان رەنگە ئەمە تەنیا بۆ من نەبێت، بەڵکو هەر یەکێك لە ئێمە رەنگە هەموومان دووچاری ئەم بارودۆخ ببینەوە، زۆر کەس هەبوون من خۆشم ویستن و بڕوام پێیان هەبووە، بەڵام تەنیا درۆیان لەگەڵدا کردووم، بەڵام نامەوێ ناوی کەس بهێنم.

*** ئایا هونەر هەموو کاتی تۆی داگیر کردووە؟**

- هەموو کاتی منی داگیر نەکردووە، هەرچەندە وەك هەر هونەرمەندێك من گرنگییەکی زۆر بە کارە هونەرییەکانی خۆم دەدەم و کاتێکی زۆریشم بۆ هونەر داناوە، بەڵام ژیانی تایبەتی خۆیشم پشتگوێ نەخستووە.

*** ئەگەر کۆمپانیایەك داوات لێ بکات گشت کارەکانت بۆ ئەوان بێت رازی دەبێت رازی دەبی؟**

- من لەگەڵ ئەو شێوازەی مامەڵە کردندا نیم، چونکە هونەرمەند دەبێ گشتی بێت واتە بۆ هەموو چین و توێژێك گۆرانی بڵێ و خەڵکیش دەیەوێ هونەرمەند لە هەموو شوێنێك ببنێت، ئەگەر گۆرانییەکانی من تەنیا لە یەك کەناڵدا نمایش بکرێن ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی بینەری زیاتر لە بینینی بێبەش بن و لە کۆتاییشدا زیانەکە هەر بەر من دەکەوێت.

*** زۆر لە هونەرمەندە تونسییەکان خاوەن بەهرە و توانای هونەرین، بەڵام بۆچی نەیانتوانیوە لە تونس ناوبانگیان دەرنەکردووە، بەڵکو لە لوبنان یان میسر ناسراون؟**

- ئەمە راستە، بەڵام نەك تەنیا بۆ تونسیەکان بەڵکو بۆ هونەرمەندانی هەموو وڵاتانی عەرەبی میسر و لوبنان گرنگترین شوێنن بۆ دەرکەوتن و ناوبانگ دەرکردن.

*** هۆکارەکانی سەرکەوتنی تۆ چین؟**

- هەوڵدانی بەردەوام هەموو هونەرمەندێك دەتوانێت سەرکەوتوو بێت و جەماوەرێك بۆ خۆی پەیدا بکات.

*** دوور لە هونەری کاتت چۆن بەسەر دەبەی؟**

- من هەوڵمداوە کاتەکانم بە تەواوی رێك بخەم بەجۆرێك کە بتوانم هەر کارێك بکەم لەسەر حیسابی ئەویتر نەبێت، ئەگەر کاری هونەریم نەبێت، ئەوا لەگەڵ هاوڕێیان بەسەری دەبەم و بەردەوام بەشێوەی جیاجیا وەرزش دەکەم.

*** راستە جوانی مەرجێکە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەندی ئافرەت؟**

- نەخێر جوانی بە هیچ شێوەیەك مەرج نییە بەڵکو زۆر جار وەك تەواوکەرێکە، جوانی راستەقینە جوانی ناخ و روحە و هەرچەندە هونەرمەندی ئافرەت جوان بێت ئەوا پێویستە خاوەن رەوشتێکی بەرز بێت لە هەمان کاتدا دڵسۆز بێت بۆ کارەکەی خۆی.

***زانیومانە بە نیازی لە عێراق ئەلبوومە نوێیەکەت بڵاوبکەیتەوە؟**

- بێگومان شانازی بەوەوە دەکەم کە لە عێراق ئەلبوومەکەم بڵاو بکەمەوە، بەڵام ئەو قسەیە تەنیا لە دانیشتنێکی نێوان من و چەند هاوڕێیەکم کراوە و بە شێوەیەکی رەسمی نەبووە، بەڵام هیوادارم بتوانم ئەو کارە لە عێراق بکەم.

*** ئەو هونەرمەندە کێیە کە دەتەوێ بگەیە بە ئاستی؟**

- بۆخۆم کاری خۆم دەکەم و خۆم ماندوو دەکەم و سوودیش لە زۆر لە هونەرمەندەکان وەردەگرم، بەڵام پێموایە کەس نابێت کەسی تر.

*** هونەرمەندی سەرکەوتوو هەمیشە رووبەڕووی هێرشی راگەیاندن دەبێتەوە، تۆ هەڵوێستی لەم شێوەت تووش بووە؟**

- بێگومان هەر کارێك باجی هەیە بەتایبەتی کاری هونەری کە هەندێك جار باجەکەی زۆر قورسیشە، بەڵام من گوێ بەم جۆرە قسانە نادەم و بەردەوامم لە کاری خۆم.

*** خۆشەویستی بۆ تۆ چ دەگەیەنێ؟**

- خۆشەویستی بریتییە لە هەموو شتێکی جوان لە ژیانی مرۆڤ و دەبێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ پێشکەشکردنی کاری جوانتر.

*** مەرجەکانی سوارچاکی خەونەکانت چین؟**

- هاوسەری دوارۆژم پێویستە لەگەڵ من بگونجێت پیاوێکی خاوەن هەڵوێست بێت ، زۆر بەهێز و سەرنجراکێش بێت.

*** لە ئاهەنگێکدا کرێیەکەت چەندە داوای چەند دەکەی؟**

- بێگومان پارەیەکی زۆرە، بەڵام کرێ و پارە بۆ من زۆر گرنگ نین، چونکە ئەگەر من هونەرێکی باش پێشکەش بکەم ئەوا بێ ئەوەی داوا بکەم کرێیەکەم زیاد دەبێت.

*** لە داهاتوو ناترسی؟**

- داهاتوو تەنیا خوا دەزانێ چی تێدا روودەدات، بۆیە زۆر خۆم بەوەوە خەریك ناکەم، هەرچەندە جار بە جاری بیریشی لێدەکەمەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئیجابی

*** ئەو شتانە چین سازشیان لەسەر ناکەیت؟**

- من کەرامەت و سەربەرزی خۆم لەسەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێم.

*** ئێمە لە کوردستان بەرنامەی لە شێوەی (ستار اکادیمی )مان هەیە، چۆن دەتوانین سوود لە ئێوە وەربگرین؟**


- بێگومان پێویستە زیاتر سەیری ئەو جۆرە بەرنامانە بکەن بۆ ئەوەی کەموکورییەکتان هەبێت نەیهێڵن.

### هونەرمەند حیکمەت هیندی بۆ گوڵان :

# پێویستمان بەدرامای نەتەوەكانی ترنییە

**هونەرمەند حیكمەت هیندی تەمەنێكی زۆری لە نێو بواری هونەرەكانی (شێوەكاری و نواندندا )بەسەر بردووە و توانیوویەتی خزمەتێكی زۆر بە هەردوو بوارەكە بگەیەنێت ناوبراو یەكێكە لە كەسایەتیە چالاكەكانی ستافی بەرنامەی بەرنامە وەك پیشەی هەمیشەییمان و بەمەبەستی بەرسەركردنەوەی هونەرمەندان لەشاری سلێمانی گوڤاری گوڵان بە چەند پرسیاریك هونەرمەند حیكمەت هیندیمان هێنایە ئاخاوتن**

دیمانە: سۆران مارف كەریم
SORAN_MARF1980@YAHOO.COM



لە سەرەتا هونەرمەند حیكمەت هیندی بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخافتن و گوتی: لە ساڵی ١٩٤٦لە گەڕەكی چوارباخی شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەكی مام ناوەند نەزۆر دەوڵەمەند نە زۆر فەقیر لە دایكبووم ئەوەی كە ئێمە ی پێگەیاند گەیاندینیە ئەم قۆناغە هەمووی دەگەرێتەوە بۆ ئەو دایكە مەزنە و ئازایەی كە توانی بەم شێوازە پەروەردەمان بكات و بتوانین شان بە شانی هاورێكانمان قۆناغەكانی خوێندن تەواو بكە ین .من توانیم بەشی پەیكەر سازی ئەكادیمیای هونەرە جوانەكانی بەغداد تەواو بكەم . خولیای سەرەتای منداڵی من لە گەڵمدا گەشەی كرد و كاریگەری لەسەر ئاوێتە بونی من بە دنیای هونەر بوو .ئەو زەمەنەی كەسەرەتای كاری هونەری من بوو لە گەرەكێكدا دەژیاین كەزۆر هونەرمەندی دیاری ئێستای تیا دەژی بۆ نموونە هونەرمەند (جەمال بەختیار) كەكەڵە هونەرمەندیكی شێوەكاری كوردە لەو گەرەكە گەورە بوو كە ئێمەی تێدا دەژیاین،(تاهیر ئیبراهیم) یەكێكە لە كەڵە هونەرمەندە جیهانیەكان كە ئێستا لە ئە مەریكا دەژی پەروەردەی ئەو گەرەكە بو كە ئێمەی لێدەژیاین (نوری عوسمان)ی شێوەكارو (فەرەیدون دارتاش) (ئەحمەد سالار) (عەلی لەتیف) ئەو كاتە ئامادەی سلێمانی كوران تاكە هۆڵی شانۆی بوو لە سلێمانی هەرچی میهرەجان و فیستیڤاڵی شانۆی و شێوەكاری بكرایە ئێمە ئامادە دەبوین و دواتر تەقلیدمان دەكردەوە من لە سەرەتای خوێندنمدا مامۆستای زۆر بلیمەتم هەبوو كە وای كردبو تەمسیلمان خۆش بوێت كە ئەو كاتە تەمسیلەكانی رفیق چالاك نوری رەشید لەئارادابوو لەو زەمەنەدا هونەر مەهامێكی گەورە بوو حاڵەتێك بوو هیچی جیاوازی نەبوو لەگەڵ پێشمەرگەیەكی شاخدا لەبەر ئە وە خەڵك بە ئەمانەتەوە مامەڵەی لەگەڵ هونەر دەكرد ئەو كاتە هەموو كەسی هونەرمەند نەبوو ئەگەر خاوەن تواناو سەلیقەیەكی هونەری نەبوایە.

*** نازناوی هیندی لە چییەوە هاتوە ؟**

- بنەماڵەی ئێمە بنەماڵەیەكی هیندین لەوێوە هاتوینەتە كەركوك و لەوێ نیشتەجێ بووین .دواتر باوكم بووە بە پیاوی عەلی شێخ لەتیف و هاتۆتە سلێمانی پاشان لەگەڵ ئەودا چووەتە ئەمەریكا ماوەی ١٠ساڵ لە ئەمەریكا ژیاوە. ناوی من وبراكەم خوشكەكەم (رەشادە خانی خێزانی علی شێخ لەتیف )ناوی ناوین.

*** لە هونەری پەیكەر سازییەوە چۆن لەگەڵ هونەری نواندن گری درایت ؟**

- سەرەتا من لە ئەكادیمیای هونەرە جوانەكان لەساڵی دووەمەوە چوومە بەشی پەیكەر سازی. مامۆستای خۆشەویست ئەحمەد سالار تیپی شانۆی دامەزراند لە ناو پەیمانگای هونەرە جوانەكان ئەو كاتە كۆمەڵێك كەسمان لە گەڵدا بوو لەوانە (تەلعەت سامان و فەرهاد شەریف و مامۆستا سەعدون و یونس و زەكەریا بەحری و حەسەن جەباری و زوهیر عەبدولمەسیح بوو ئەمانە هەمومان تیپی شانۆی كوردمان دروست كرد كەسەر بەكۆمەڵەی هونەرە جوانەكان مەڵبەندی گشتی بوو ئێمە بۆ یەكەم جار لە مێژووی تەلەفزیۆنی كوردیدابەرهەمی (نە فرەت لێكراومان)پێشكەش كرد كەلە نووسینی تەلعەت سامان بوو ئەوە یەكەم مێژووی شانۆی كوردییە وەك دراما .

*** یەكەم جار كەی چوویتە سەر تەر تەختەی شانۆو یەكەم بەرهەمت چی بوو؟**

- دیارە یەكەم بەرهەمی من بەشداریكردن بوو لە درامای (نە فرەت لێكراو) بەڵام من هەر لە منداڵیەوە هەوڵی چوونە سەر تەختەی شانۆم داوە من لە ساڵی پەنجاكانەوە چومەتە سەر تەختەی شانۆ بە مەبەستی ئەنجام دانی كاری هونەری . ئێمە بە هەوڵی مامۆستا ئەحمەد سالار كۆمەڵەی هونەرە جوانەكان لقی بەغدادمان دروست كرد .و كۆمەڵێك

لە ئێمە لە ئێزگە دامەزراین. و نابی ڕۆڵی (بەدیعە دارتاش)مان لەبیر بچێ کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە درووست کردنی تیپی شانۆی کورد .لەو کاتەشدا من شان بەشانی هونەری نواندن کاری شێوەکاریشم کردووە وچۆکم دانەناوە هەمووپێشانگایەکی شێوەکاری هونەرمەندانی کورد کە لە هەر شوێنێك کرابێتەوە تابلۆیەکی منی تێدا بووە. لە یەکەم ڤیستیڤاڵی هونەری کوردی کە لەبەغداد ئەنجام درا من بەشداریم کردبە شانۆگەری پردی وولات . هونەرمەندان (مستەفا ئەحمەدو تەها باراوی کەمال سابیرو دڵشاد مەریوانی و چێواری ڕەحمەتی )بەژدار بون لەم کارەدا یەکەم تیپی شانۆی کورد لەسەر دەستی ئەم کەسانەو چەند کەسێکی تر دامەزرا وە تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی لە سەر دەستی (مستەفا ئەحمەد و بەدیعە دارتاش و من ئەحمەد سالار و حەسەن تەنیا و سەلمان فایەق و چەند کەسێکی تر دامەزرا لەو کاتەدا هونەر پەیامێکی گەورە بوو چەندین شاکاری جوانمان پێشکەش کرد هونەرمەند جاران پێشمەرگە بوو دێتە یادم شانۆگەرییەکمان پێشکەش کرد لە بەغداد بەناوی (چاڵی جەرگی پیری ژن) ئەو کاتە (صەدام حوسێن )جێگری سەرۆك کومار بوو وە ئامادەی شانۆ گەرییەکە بوو(عومەر چاوشین لە شانۆگەرییەکەدا چووە بەردەمی صدام حسین و گووتی کوا چاڵی جەرگی کورەکەی من کە لە سەر سنگی نوسرا بوو یان کوردستان یان نەمان لەو کاتەدا صەدام هەستاو چووە دەرەوە لە هوڵەکەدا بۆ یەکەم جار و دوایین جار هونەرمەندی ڕەحمەتی (ڕەشۆڵ)لە سەرتەختەی شانۆگەرییەکە گۆرانی (ئۆخەی گردەکەی یارەی گووت) ئێمە خاوەنی ئەو مێژوویانەین هونەر ئەو ڕێبازە مەزنەیە کە دەبێت هەمووبان شانازی پێوە بکەین

*** بۆچی زۆریك لە هونەرمەندان ساڵانی هەشتاکان بەسەردەمی زێرینی هونەر ناو دەبەن ؟**

-وەکو ئاماژەم بۆ کرد جاران هونەر پەیامێکی گەورە بوو هونەر بازرگانی کردن نەبوو هونەرمەند لەسەر گیرفانی خۆی کاری دەکرد هونەرمەند پێشمەرگانە کاری دەکرد هەر بۆیەش پێیان دەگووتین سەربازی هونەر و زمانی کوردی، سەربازی کلتوری کوردی کاتێك کە دەقێکمان دەنووسی پەنجا جار دەبوایە بچووینایە بۆ بەغداد و پارەو ڕەشوەمان بدایە تا کارەکەیان بۆ ڕاپی بکردینایە بۆ ئەوەی ڕێگامان بۆ بکەنەوە دەقێکمان بە زمانی کوردی تۆمار بکەین جاران ئەگەر باسی ڕۆژمان بکردایە پێیان دەگووتین ئەوە باسی ڕۆژی موخەریبەکان دەکەن کەچی بەداخەوە ئیستا هەرچی بڵێیت کەس چەپڵەت بۆ لێنادا ئەو کاتە هونەر پێشمەگایەتی و ڕزگار بوون بوو .

*** ئایا لەم قوناغەدا هونەر توانیوویەتی پەیامی خۆی بگەیەنێت ؟**

- بەداخەوە دەڵێم دەستەڵات دەستی خستۆتە ناو کارو باری هونەرەوە وە زۆر جار تیپە هونەرییەکان پەراوێز دەخرێن .تۆ پێم بڵێ تا چەند توانراوە هاوکاری تیپی هونەرییەکان بکرێت و گوی بۆ داواکارییەکانیان بگیرێت ئیتر چۆن هونەرمەند دەتوانی کاری هونەری خۆی ئەنجام بدات ؟ . تیپی هونەری ڕەنگاڵە چەند مانگێکە پرۆژەیەکی پێشکەشی پارێزگاری سلێمانی کردووە کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە وە چەندین تیپی هونەری تریش هەیە بە هەمان شێوە داواکانیان پەراوێز خراوە وەزیری ڕۆشنبیری و سەرۆکی حکومەت لەم کێشەیە بەرپرسن دەبێت لەمەودوا خۆیان هەوڵ بدەن بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان . ڕێزلێنانێکی هونەرمەندان هەبوو کەس نەیزانی چیلێهات خەڵك هەیە لە ئەورووپاوە دێت پارەی زۆری بۆ خەرج دەکرێت کەچی هونەرمەندەکانی خۆشمان پەراوێز خراون کە پێم وایە لاقیان فڕی بدەن سەدی وەکو ئەوان دەهێنن بەڵام چونکە هی گوی ئاگردانن قیمەتیان نیە .کەلە هونەرمەندمان هەیە خاوەن قوتابخانەی هونەری خۆیەتی دەبینین هونەرمەند تەها خەلیل پیر بووە و کێ ئاگای لێیەتی بەهادین نوری ڕەحمەتی کۆچی کردوو کێ هیچی بۆ کرد چەندینی تر بەو شێوەیە.

*** حکومەتی هەریم بودجەیەکی تەرخان کردووە بۆ کارە هونەرییەکان تاچەند ئەم هەوڵە بەرز دەنرخێنیت؟**

-حکومەت ئەو بودجەیە دەدات بەکی کاکی ڕۆژنامەنووس ناوی دوانم لەو کەسانە پی بڵی من پێم وایە ئەو هاوکارییە لە هەولێر بەم لاوە نایەت دەیدات بە کەسانێك کە بۆ کاری نابەجێ بەکاریان هێناوە . من پێم وایە بۆ سلێمانی هیچ نەکراوە، ناوی دوو بەرهەمم پێ بڵێ کە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سلێمانی ئەنجامی دابێت .

*** ئەی بۆچی لە ڕێگای ڕێکخراوی هونەرمەندانەوە دەنگ بەرزناکەنەوە ؟**

- (بە پێکەنینەوە) ڕێکخراوی هونەرمەندان جوابی هیچ موزەکەرەیەکی پێ نادرێتەوە. چوار ساڵە خەریکی کیشەی موچەی ڕێزلێنانەکەن بۆیان چارەسەر نەکراوە سیاسەتمەدارمان هەبووە گووتوویەتی ئەگەر هونەریش نەبێت شۆڕش هەر دەبێت

*** بۆچی تۆ کەمتر لە کاری درامادا دەبینریت ؟**

- من زیاتر سەرقاڵی کارەکانی بەرنامەی بەرنامەم ئەمەش وایکردووە کەمتر دەرفەتی بەشداری کردنی کاری دراما بکەم

*** بەگشتی چۆن لە ئەزموونی کاری درامای کوردی دەڕوانیت ؟**

-هەموو کارەکان پێشکەوتنی پێوە دیارە بەتایبەتی کاری گەنجەکانمان من پێم وایە هەموو گەنجێك خاوەنی داهێنانە ، من لێرەوە دەمەوێت ئاماژە بەڕۆڵی هونەرمەند ئەحمەد سالار بکەم کە شانوی کردە ئەو خانەقا گەورەیە کە لە میحرابەکەیدا ووشەی ڕاستەقینە دەگوترێتەوە

*** ئاستی گەنجەکانی نیو بواری هونەری نواندن چۆن دەبینی ؟**

- گەنج هەرچییەك بکات جوانە من خوێنەکەی ناو لەشم خوێنی گەنجە کورەکەم کە هونەرمەندێکە شێوەکارە گەنجە کچەکەشم بە هەمان شێوە کە هونەرمەندێکی شێوەکارە گەنجە وە کورێکی تریشم هونەرمەندە بەهەمان شێوە گەنجە من بەسالاچوویەکەم لای ئەوان دەخوێنم و هەرگیز گەنج ڕەت ناکەمەوە .

*** بۆ سوود وەرگرتن بۆ بەرەو پێش بردنی درامای کوردی تۆ پێت باشە سود لە درامای کێ وەربگرین ؟**

-ئەگەر گوڵاڵە سوورەیەك کاڵ بێتەوە شەهیدێك لە ژێریایەتی هەموو شەهیدێکیش درامای نەتەوەکەی خۆی تۆمار دەکات بۆیە لە ئێستاوە تا هەزار ساڵی تر ئێمە درامای خۆمان بنووسینەوە هێشتا هەر پێویستمان بە سوود وەرگرتن لە درامای نەتەوەکانی تر نییە .

*** دوایین کاری هونەری تۆ وەك کاری نواندن و شێوەکاری چییە ؟**

- دواین کاری من بەشداری کردنە درامای (نامەکانی ئەشرەف )ە کە من ڕۆڵی سەرەکیم هەیە لە کارەکەدا بڕیارە بەم نزیکانە نیشان بدرێت کە کاری دەرهێنانی بەڕێز کاك (لوقمان غەریب )ە جگە لەوە سەرقاڵی بەشداری کردنی پێشانگایەکی شێوەکاری هاوبەشم لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تر.

دەز دەنیـــز

# لەبەر سەما کردن و جلوبەرگەکانم سانسۆر لەسەر کلیپپیەکانم دانراوە

سەرەڕای ئەوەی کە هونەری کوردی بە پێی قسە و تێبینی ئەو کەسانە کە پسپۆرن لە گۆرانی و موزیکی کوردی ئێستا بێسەرووبەرییەکی بەرچاوی پێوە دیارە و هەر کەسێك بە ویستی شتێك پێشکەش دەکات و بە ناوێکی جیاجیا دەیخاتە بەرگوێچکەی جەماوەر وەك نوێخوازی و پێشکەوتن و هەوڵدان بۆ پێشخستنی هونەری کوردی و ڕەزگار کردنی لەو چەق بەستنەی کە تێیکەوتووە، هەروەها چەندین ناوی نوێ بۆ ئەو هونەرەی پێشکەشی دەکەن دەدۆزنەوە، تا گەیشتۆتە ئەو رادەیەی زۆر جار وای لێدێ جەماوەر نەزانێت کامە رەسەنە و کامە پێشکەوتووخواز و نوێخوازییە لە هونەری کوردیدا، ئەوەی پێشکەشیش دەکرێت هەمووی یان لە عەرەبی یان فارسی یان لە تورکی وەرگیراوە، بەڵام هونەری راپ یاخود هیپ هۆی کە یەکێکە لەو شێواز و ستایلانەی گۆرانی گوتن کە ئێستا لە رۆژئاوا زۆر باوە و زیاتر گەنجەکان هۆگری ئەو جۆرە هونەرەن بە رادەیەکی زۆر هونەر و هەوادارانی هونەری کوردی پێی نامۆن و ئاشنایەتییەکی زۆریان دەبارەی نییە ئەگەرچی لێرە و لەوێ هەوڵیش هەیە.

دەز دەنیز کچێکی کوردی نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە یەکێکە لەوانەی کە هونەری هیپ هۆپ پێشکەش دەکەن، ئەمەش تا رادەیەك نامۆیە نەخاسمە بۆ کچە کوردێك.

**تەلەفزیۆنە کوردییەکان سانسۆریان لەسەر راپ داناوە**

دەز دەنیز لە شاری ماردین لە دایکبووە و خوێندنی تا ناوەندی لە باتمان تەواو کردووەو ئێستاش لە ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبات و ناوبانگی دەرکردووە بە هۆی موزیکی راپ کە پێشکەشی دەکات و ئەو جلوبەرگانەی دەیپۆشێت لە هەمان کاتدا ئەو سەمایەی کە لەگەڵ گۆرانییەکانیدا پێشکەشی دەکات بە هیچ شێوەیەك کلیپەکانی لە کەناڵە کوردییەکان نمایش ناکرێن و جۆرێك لە سانسۆریان لەسەر گۆرانییەکانی داناوە، دەربارەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم جۆرە هونەرە کە لەنێو کورددا هێشتا نامۆیە دەز دەنیز دەڵێ: لەبەر ئەوەی من لە ئەورووپا گەورە بووم لەوێ زیاتر ئاشنای موزیکی راپ بووم و هەوڵمدا لەو رێگایەوە هەست و هزرەکانی خۆم دەربخەم بە رێگای هونەری هیپ هۆپ کە هونەر و سیاسەت پێکەوە گرێ دەدات. هەرچەندە بەداخەوە تا ئێستا ئەو شێواز و ستایلەی من(هیپ هۆی ) بە تەواوەتی لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا تەقەبول نەکراوە ئەمەش رەنگە بۆ سەما و جوولەکانی من و ئەو جلوبەرگانەی دەیانپۆشم بگەڕێتەوە کە پێیانوایە جلوبەرگی تەسکن و بە ئاشکرا دەڵێن تۆ هۆکارێکی بۆ لە رێی لادانی لاوەکانمان، بەڵام من پێموایە موزیکی راپ لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا دەبێتە موزیکی کوردی، ئەگەر لاوەکانمان گوێ لەو هونەرەی من نەگرن ئەوا بێگومان گوێ لە راپی تورکی و ئەورووپی دەگرن.

من باوەڕم بە خۆم هەیە و بەردەوام دەبم، من لەو باوەڕەدام کە پێویستە کۆت و بەندەکان بشکێنرێن، پێموایە لەمەودوا ئیدی نابێ ئافرەتانی کورد تەنیا بە یەك شێواز



گۆرانی بڵێن هەرچەندە باوەڕ ناکەم ئێستا ئافرەتی کورد هەبێت گۆرانی بە شێوازی راپ بڵێت، بەڵام هیوادارم ئەم شێوە هونەرە لەنێو ئێمەی کوردیشدا پێش بکەوێت.

### دەمەوێ منداڵی کورد بگەڕێتەوە بۆ کلتوورەکەی

راپ یەکێکە لەو هونەرانەی کە لە رۆژئاوا بە گشتی ناسراوە، بەڵام ئایا دەز دەنیز وەك هونەرمەندەکانی دیکە ناسراوە لەسەر ئاستی ئەوروپا و دەیەوێ لە رێگای ئەم هونەرەوە چ پەیامێك بگەیەنێت ـ دەنیز دەڵێت: من لەسەر ئاستی ئەڵمانیا ناسراوم، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر نا، لە فیستیڤاڵەکاندا بەشداری دەکەم کە کوردەکان رێکی دەخەن، لەزۆربەی کۆنسێرتەکانی لاوان و ئافرەتان ئامادە دەبم، هەرچەندە من هونەری راپ پێشکە دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی بە زمانی کوردییە زۆر نەناسراوم.

دەربارەی ئامانج و پەیامی خۆی لە پێشکەش کردنی ئەم هونەرە دەنیز دەڵێ: هەوڵ دەدەم گیان و مێشکی لاوانی کورد بۆ سەر هونەر و زمانی رەسەنی کوردییان بگەڕێنمەوە، چونکە خەریکە ئەوانە لە کلتووری خۆیان دوور دەکەونەوە و لەو رێگایەشەوە خزمەتێك بە هونەر و کلتووری کوردی بکەم.

هەروەها سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو گۆرانیانەی کە بە شێوەی راپ پێشکشەیان دەکات دەنیز دەڵێت: دیارە ئەم شێوازە هونەرە گۆرانی و سیاسیەت بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە گۆرانییەکانی من زیاتر تایبەتن بە بواری پرسەکانی لاوان، ئافرەتان، سیاسیەت، تەندروست، خێزانی هەروەها ئاشتی کە ئەمانە هەموویان بابەتی کۆمەڵایەتین.

### پشتیوانی لە ئاشتی دەکەم

دەز دەنیز دەربارەی ناسنامە و شوناسی خۆی دەڵێت، ئێستا لەو شوێنەی ژیان بەسەر دەبەم و هەوڵی ئەوە دەدەم زیاتر بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم و هیواخوازم لە کەناڵە کوردییەکان دەرکەوم و کلیپەکانم نمایش بکرێن بە شێوەیەکی ئازاد بۆ ئەوەی منیش سوودی لێ ببینم،من تا ئێستا ژیانی هاوسەریتێم پێك نەهێناوە و دەتوانم بڵێم ژیانی تایبەتی من لەگەڵ کارەکەمدایە و لە هەموو شتێك زیاتر گرنگی پێ دەدەم بۆ ئەوەی بە تەواوی تێیدا سەرکەوتوو بم.

سەرچاوە

www.avestakurd.net

# زۆیساڵدانا

## نموونەی وروژاندن نیم



تا ئێستا ئەکتەری ئەمریکی زۆی سالدانا وەك ئەکتەری سەرەکی بەشداری لە هیچ کارێکدا نەکردووە و رۆڵەکانی هەمووی لاوەکی بوون، بەڵام دوای ماوەیەکی نزیك رۆڵی کچە جەنگاوەری (نایتیری) دەبینێت لە فیلمێکی نوێی جمس کامیرۆن بەناوی (ئەفاتارا) کە یەکەم رۆمانە فیلمی جیمس کامیرۆنە دوای (تایتانیك) لە ساڵی ١١٩٧.

لەم فیلمەدا هەر یەك لە ئەکتەران سیگۆرنی ویڤەر و سام و ورسینگتۆن بەشداری دەکەن، جیمس کامیرۆنی دەرهێنەر دووپاتی کردەوە کە ئەم فیلمە یەکێکە لەو فیلمە مێژووییانەی کە زۆرترین خەرجی تێچووە، ساڵدانا دەربارەی بەشداری کردنی لە فیلمەکە رایگەیاند کە ئەو زۆر کاریگەرە بە سیگۆرنی ویڤەر و ئەنجلینا جۆلی بەتایبەتی لە رۆڵ بینینیان لە فیلمەکانی خەیاڵی زانستی، بەڵام زۆی بە توندی رەتیکردەوە کە بە نموونەی سێکس و وروژاندن دابنرێت و لەو بارەیەوە دەڵێ: من ئافرەتە بەهێزەکانم ئەوانەی لەشی خۆیان بەکاردەهێنن وەك ئامرازێك بۆ خۆ دەرخستن و ناوبانگ دەرکردن، من ئافرەتێکی بەهێزم، بەڵام رق و قینەم بەرامبەر بە پیاوان نییە بەڵکو تەنیا دەمەوێ کەرامەتی خۆم بپارێزم، لەو فیلمە نوێیەدا رووخساری و سیمای ساڵدانا گۆڕانکاری گەورەی بەسەر کرابوو لە رێگای کۆمپیوتەرەوە، دەربارەی رۆڵی سەرنجراکێشی خۆیشی لە فیلمی (ئەفاتار) دەڵێ: گشت جووڵەکانی خۆم و رووخساری دەرەوەی خۆم بینی لە فیلمەکە و قەت باوەڕم نەدەکرد جیمس کامیرۆن دەتوانێت بە رێگای کۆمپیوتەرەوە ئەم هەموو گۆڕانکارییەی تێدا بکات، بەتایبەتی لە گەورە کردنی سینگم بۆیە کە سەیری خۆم دەکرد پێکەنینێکی زۆر دایدەگرتم.